لەبڵاوکراوەکانی ماڵپەڕی ئیمان وەن

www.iman1.com

# یووختە باسێك

# لەژیانی پێشەوای پایەبەرز

فضيلة الشيخ

د.صالح بن فوزان بن عبدالله الفوزان

(خوابیپارێزێت)

ئامادەکردن ووەرگێڕانی

ماڵپەڕی ئیمان وەن

## • ناو نەسەب ولەدايك بوونی :-

ناوی :( صالح كوری فوزان كوری عبدالله آلفوزان)ە.

لەئەهلی (الشماسية الوداعين) لە هۆزی (الدواسر)ە.

لەساڵی ١٣٥٤كۆچی بەرامبەر١٩٣٤ی زاینی لەدایك بووە .

## • گەشەكردن وفێربوونی:-

بەمنداڵی باوكی مردووەو خێزانەكەیان پەروەردەیان كردووە ، قورئانی پیرۆزفێربووە ،وە فێری بنەماكانی خوێندنەوەونووسین بووە لەسەردەستی یەكێك لەئیمامەكانی مزگەوتێك لەشارەكە.پاشان چۆتە قوتابخانەی حكومی لەشارەكەدا پاش ئەوەی قوتابخانەیەكی حكومی لە الشماسیە دەكرێتەوە لەساڵی ١٣٦٩كۆچی ، خوێندنی سەرەتای لە قوتابخانەی الفیصلیە لە بریدە تەواودەكات لەساڵی ١٣٧١كۆچی،پاشان دەچێتە پەیمانگای زانستی لەبریدە پاش كردنەوەی ئەو پەیمانگایە لەساڵی ١٣٧٣كۆچی ،ئەو پەیمانگایەش تەواودەكات لەساڵی ١٣٧٧كۆچی ،پاشان دەچێتە كۆلێژی شەریعە لە ریاز وەلەساڵی ١٣٨١كۆچی ئەو كۆلێژەش تەواودەكات ..

## • خوێندنی باڵا:-

بڕوانامەی ماجستیری بەدەست هێناوە لە زانستی فیقهدا.

بڕوانامەی دكتۆرای بەدەست هێناوە دووبارە لەزانستی فیقهدا.هەردوو شەهادەكەی بەدەستهێناوە لەكۆلێژی شەریعە.

## ● ئەو پلەوپایانەی کە وەریگرتووەوهەندێك لەکارەکانی :-

بەمامۆستای سەرەتای دامەزراوە لەساڵی ١٣٧٢ی کۆچی پێش ئەوەی بڕوات بۆپەیمانگای زانستی لە بریدە.

بەمامۆستای پەیمانگای زانستی دامەزراوەلە ریازپاش تەواوکردنی کۆلێژی شەریعە ،پاشان بووە بەمامۆستای کۆلێژی شەریعە ،پاشان لەخوێندنی باڵا لە کۆلێژی اصول الدين ،پاشان لەپەیمانگای باڵا بۆدادوەران ،پاشان بووە بەبەڕێوەبەری پەیمانگای باڵاتايبەت بەدادوەران لەساڵی ١٣٩٦ی کۆچی .

پاشان جارێکی ترگەڕاوەتەوە بۆخوێندن پاش تەواوبوونی ماوەی بەڕێوەبەری یاسایی.

پاشان وەکو ئەندامدامەزراوە لە (لیژنەی بەردەوام بۆلێکۆڵینەوەوتوێژینەوەی زانستی ودەرکردنی فتوا)لەساڵی ١٤١١ی کۆچی.

هەروەك چۆن تائێستاش ئەندامە لە کۆمەڵەی فیقهی لە مەکەی پیرۆز کەسەربە رابیتەی جیهانی ئیسلامییە.

وە پێشتریش ئەندام بووە لە لیژنەی پێشوازی لەسەربانگخوازلە حەجدا.

وە پێش نوێژوووتارخوێنی ومامۆستایەلە مزگەوتی (الاميرمتعب بن عبدالعزيز )لە (الملز)لە ریاز.

بەژداری کردووە لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی بەرنامەی (نورعلى الدرب)لە ئیزاعەی سعودییە ،هەروەك چۆن بەژدارییەکی ڕێك وپێکی کردووە لە گۆڤارە زانستییەکاندا لە لیژنەی توێژینەوەوخوێندن ونامەی باڵاوهەروەها لەبواری فتوادا.هەروەك خوای گەورە بیپارێزێت سەرپەرشتی زۆرێك لەنامەی زانستی ودەرەجەی ماجستير و دکتۆرای کردووە ،وەلەسەردەستی چەندەها فێرخوازی

زانستی شەرعی پێگەشتوون کە بەژدارییان کـردووە لـە کۆڕودانیـشتنە زانـستییە بەردەوامەکانی ....

## ● مامۆستاکانی :-

شێخی بەڕێزمان لای ژمارەیەکی زۆر لە زانایان ودادوەرانی پایەبـەرز خوێندویـەتی ولەسەردەسـتیان پـەروەردە بـووە ،لەبـەناوبانگ تـرین مامۆسـتاکانی شـێخی پایەبەرز(شێخ عبداللە بن عبدالعزیز بن باز)ە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ،کە بەگەورە تەماشـای کـردووە وڕیـزی لێ ناوە،لـەکارە گرنگەکانـدا متمانـەی پـێ هـەبووە ،هەربۆیەچـەندەها کتێبـی بۆنـاردووە تاپێداچـوونەوەی پێـدابکات وڕای خـۆی لەسەریان بلێت ودەربڕێت ،وەهەروەها لەشێخەکانی تری شێخ (عبداللە بن حمید ) بووە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت )کە لـەزۆرێك لـە دەرسـەکانیدا ئامـادەیی هـەبووە لەمزگەورتی بریدە لەوکاتەدا کە خوێنـدکاروفێرخوازبووە لـە پـەیمانگای زانـستی ..ولەشـێخەکانی تـری شـێخ محمـد امـین شـنقیطی بـووە (ڕەحمـەتی خـوای لێ بێت)..هەورەها شێخ عبدالرزاق عفیفی بووە ڕەحمەتی خوای لێ بێـت ،وەهـەروەها شێخ /حمـودبن سـلیمان الـتلال کـە پـێش نویـژی مزگـەوت بـووە لەبریـدە کـە پێشەوامان – خواپیپارێزێت – لـەلای ئـەو پـەروەردە بـووە ،دوای ئـەوەبووە بـە دادوەر– واتا شێخ حمود بن سلیمان – لـە شـاری ضـریبة لـە ناوچـەی القـصیم ،لەسەردەستی شێخ حمود بـن سـلیمان پێـشەوامان – خواپیپارێزێـت – بنـەماکانی خوێندنەوەونووسین فێربووە .پاشان ئەگەر بۆیـەك ڕۆژیـش بووبێـت لـەلای شـێخ ابراهیم بن ضیفاللە الیوسف دەرسی خوێندووە ئەوکاتەی کـە مامۆسـتا بـووە لـە قوتابخانەی الـشماسیە ..

## • دانراوەكانى :-

شێخ ژمارەیەكی بەرچاو لەدانراوی هەیە لەگرنگترینیان ئەم دانراوانەن :

- التحقيقات المرضية في المباحث الفرضية في المواريث، كەنامەی ماجستیرەكەیەتی ، (یەك بەرگە)
- أحكام الأطعمة في الشريعة الإسلامية،كەنامەی دكتۆراكەیەتی ، (یەك بەرگە)
- الإرشاد إلى صحيح الاعتقاد، (یەك بەرگە)
- شرح العقيدة الواسطية، (یەك بەرگە)
- البيان فيما أخطأ فيه بعض الكتاب، (دووبەرگە)
- مجموع محاضرات في العقيدة والدعوة، (چواربەرگە)
- الخطب المنبرية في المناسبات العصرية، (شەش بەرگە)
- من أعلام المجددين في الإسلام
- مباحث فقهية في مواضيع مختلفة
- مجموع فتاوى في العقيدة والفقه (پێنج بەرگە)
- نقد كتاب الحلال والحرام في الإسلام، رد على يوسف القرضاوي
- الملخص في شرح كتاب التوحيد، للشيخ محمد بن عبدالوهاب – شرح مدرسي
- إعانة المستفيد شرح كتاب التوحيد وهو شرح موسع في مجلدين
- التعقيب على ما ذكره الخطيب في حق الشيخ محمد بن عبدالوهاب
- الملخص الفقهي، (دووبەرگە)

- إتحاف أهل الإيمان بدروس شهر رمضان
- الضياء اللامع مع الأحاديث القدسية الجوامع
- بيان ما يفعله الحاج والمعتمر
- كتاب عقيدة التوحيد– وأصله مقرر في المرحلة الثانوية بوزارة المعارف
- فتاوى ومقالات نشرت في مجلة الدعوة
- دروس من القرآن الكريم
- الأجوبـة المفيدة عن أسئلة المناهج الجديدة

وه چەندەهادانراوی ترکە چاپ نەکراون وهەندێکیشی لـەژێرچاپدایە.

هەروەها ڕۆڵێکی گەورەی گێڕاوە لـەئاراستەکردنی گـەنجان بۆسـەرڕێگای ڕاسـت وئاگادارکردنـەوەیان لـەوفکرە لادەرانـەی کەلـەڕاستەشـەقامی ئیـسلام دوورکەتوونەتـەوە،وە لـەوکەسـە بیدەعەچـی وگومرایانـەی کـە بانگەوازبۆئـەو مەهەجە مونحەریف ولادەرانە دەکەن،وەلـەسەردەستی زۆرێك لـەموسـڵمانان حـەق وسەوابیان دۆزیوەتەوە،خوای گەورە لـەبری ئێمەوهەموموسڵمانان پاداشتی خێری بداتەوە وکردەوەکانی لێ وەربگرێـت وتەنهالـەبەرخاترئـە ئـەنجامی دابـن ووە بـۆی بکاتە توێشوویەك بۆسەرتەرازووی چاکەکانی لـەڕۆژی دوایدا.

والصلاة والسلام على نبينا محمد وآله وصحبه أجمعين.

لـەبلاٌوکراوەکانی ماڵپەڕی ئیمان وەن

www.iman1.com

هەمیشە لـەگەڵمان بن بۆنوویێبوونەوەی ئیمان

imanonekurd@yahoo.com